سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان دەکات لە پارێزگای ئینبار

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد لە بینای پارێزگای ئینبار، کە سەرۆکی فەرمانگە خزمەتگوزاری و جێبەجێکارەکانی پارێزگاکەی لێخگرتبوو بە ئامادەبوونی پارێزگار و ئەندامانی ئینجومەنی ئینبار و ژمارەیەک لە بریکارانی وەزارەتەکان.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە میانەی کۆبوونەوەکەدا، پلانەکانی پارێزگاکە و بەرنامە خزمەتگوزاری و پڕۆژەکانی کەرتەکانی دیکە خرانەڕوو لەگەڵ دیارترین ئەو کێشە و بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان دەبنەوە، هەروەها فەرمانی کرد بەدواداچوون و چارەسەریان بە بکرێت بەئامانجی خێراکردن لە تەواوکردنیان بەپێی سنووری کاتی پێسەندکراو.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەو پڕۆژانە خرانەڕوو کە لەلایەن سندوقی ئاودانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، بە پێی ئەو ئەولەویەتانەی کە حکومەت داینناوە، هەروەها گفتوگۆ کرا لەسەر دەسیەی شەهیدان و قوربانیانی تیرۆر، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دامەزراوەی شەهیدان و بەڕێزیان جێختی لەوە

کردەوە کە پەیوەستە پارە بە ئەو کەسانە تەرخان بکرێت کە بەڕاستی شایەنن.

لە مەیدانی کەبوونەوەکەدا، سودانی کەمەک پێژەی خزمەتگوزاری بە پارێزگاکە ڕاگەیاند بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ پێژەکانی ئاوەڕۆ و تەڵەکانی ئاوی باران لە قەزای عەنە بە تەچووی 101 ملیار دینار و لە قەزای کوبەیسە بە تەچووی 108 ملیار دینار.

دووەم/ ڕاسپاردنی وەزارەتی تەندروستی بە تەواوکردنی پەداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم دوو پێژەیەی خوارەوە لە چوارچێوەی پلانی وەزارەت و ڕێککەوتنی عێراق-چین:

1- پێژەی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی 200 قەرەوێیی بە ژنان و منداڵان لە قەزای فەلوجە.

2- پێژەی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی 100 قەرەوێیی لە ناحیەیەی خالدیە.

سێیەم: چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی شاری ڕەحالییەوە.

لە مەیدانی کەبوونەوەکەدا سودانی ئاماژەی بە قوربانییەکانی خەڵکی ئەنبار کرد لەگەڵ پشتیوانی کردنی دەزگا ئەمنییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و دەستپێکردنیان بەرەو بەرژەوەندییەکانی خزمەتگوزاری و بنیاتنانەوە و گەشەپێدان و جێختی لە پشتیوانیکردنی خێی بە حکومەتی خێجێی کردەوە بەمەبەستی سەرخستنی کارەکانی، هەروەها تیمەکی وەزاری و ڕاوێژکاری لە هەموو سەردانەکدا بە پارێزگاکان لەگەڵیدا ئامادە دەبن، بە دەستنیشانکردنی دەسیە گرنگەکان لە پارێزگاکان و چارەسەرکردنی بەربەستەکان.

سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران جێختی کردەوە کە لە ئەنبارەوە دەستپێکردنی وەرزی بەبازاڕکردنی دەنەوێی گەنمی بە هەموو عێراق ڕاگەیاند و جێختی لەوە کردەوە کە گەیاندنی شایستەکانی ساڵی ڕابردوو بەبێ دواکەوتن متمانەی جوتیارانی بەهێزتر کردووە بە کارکردن بە وەرزەکانی دواتر.

هەروەها جێختی لەوەش کردەوە کە پلانی حکومەت بریتییە لە دروستکردنی نەخۆشخانەی نوێ لە قەزاکانی ئەنبار بەهۆی کێشی نەخۆشخانەکانییەوە و فەرمانی کرد یاریگای ئەمپی و دامەزراوە هاوپێچکراوەکان

لە کۆتایی ئەمساڵدا تەواو بکرێت، ئاماژەی بەوەشکرد کە ناوەندی پارێزگاکە بەهۆی تەواونەبوونی پرۆژەکانی ئاوەوە دەناڵنن و جەختی لەوە کردەوە کە کارکردن لە پرۆژەکان بەبێ تەواوکردنی ژێرخان بەفیڕۆدانی پارەیە.